# نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆرمەگۆڕاوەکان

د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

**پێشەکیی**

لەم توێژینەوەیەدا بە پێی ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە، هەوڵدراوە دەستنیشانی پەیوەندیی نێوان فۆرمی فەرهەنگیی و فۆرمی سینتاکسیی دروستەکانی زمانی کوردیی بکرێت. ئەویش لە ڕێگای دەرخستنی ناوەخنی توخمە فەرهەنگییەکانەوە. ئەو توخمانەی بە هۆیانەوەو لە ڕێیانەوە بنیاتی دروستە سینتاکسسیەکانی پێدروست دەبێت. هەنگاوی یەکەمی دەرخستنی ئەو زانیارییە فەرهەنگییەی لە ناوەخنی ئەو توخمانەدا هەیە، کراوە بە سەرەتای فۆرمداڕشتنێکی فەرهەنگیی، پاشان فۆرمی دەرەکیی ئەو زانیارییە لە دیوە سینتاکسییەکە دەردەخرێت. ئەگەرچی یاساکانی فۆرمداڕشتن: دروستەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیی دەگرێتەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دروستە سینتاکسییەکە دەکرێت. داتاو نموونەکان لەو سنوورەدا هێنراونەتەوە، کە ڕوونکردنەوەکان بسەلمێنێت، واتە نموونەو تاقیکردنەوەکان بۆ ئەو داتایانەن، کە نەخشەی بنەڕەتی دروستە سینتاکسییەکان دەکێشن و دروستەی خورتیین و لەوە بچوکتر ناکرێنەوە. هەندێك جاریش هێنانەوەی نموونە سەرپشکییەکانیش لە چێوەی خستنە ڕووی نادروستەیی ئەواندایە.بۆیە توێژینەوەکە زیاتر تیۆریی و شیکەرەوەییەو کەمتر پەسنیی پێوە دیارە.

لەناو توێژینەوەکەدا بە پێی هەنگاوەکانی، کار بە هەندێك تیۆرو وەچەتیۆری وەك (X-Bar)و (Sub categorization) کراوەو نواندنی فەرهەنگیی و سینتاکسیی فۆرمەکانی پێدەرخراوە. پاری یەکەمی توێژینەوەکە بۆ فەرهەنگ و دیاریکردنی زانیاری ناو ئایتمە فەرهەنگییەکان تەرخانکراوەو هەر لەوێشدا دروستەو سەرەوڕیزبوونە فەرهەنگییەکەیان دەرخراوە. لە پاری دووەمیشدا نواندن و دیوی دەرەوەی ئەو زانیارییە فەرهەنگییانە خراوەتە ڕوو و توانا ئەبستراکتییەکانی ئایتمەکان کۆنکرێت و بەرجەستە کراوە. کەرەستەی توێژینەوەکە لە کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراوە، ئەگەرچیی جارجار بۆ هێنانەوەی بەڵگەی دەرەکیی، پشت بە هەندێك پرۆسەو نموونەی شێوەزارەکانی تر بەستراوە.

**1/1 ) فەرهەنگ و دروستەی فەرهەنگیی**

زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا[1] تۆمارکراون[2]، ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە. نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە دوودیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییدا بەرجەستە دەکرێن. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، ئەو ڕیزبوونەی لە فەرهەنگدا دەستدەکەون، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوڕیزبوونە بن، کە لە سینتاکسدا بەرچاو دەکەون، چونکە یاساکانی فۆرمداڕشتن (formation rules) نواندنی دەرەکی زانیارییە سینتاکسییەکانن. سینتاکس دەرخستن و نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانە[3]. لێرەدا مەبەست لەو زانیاریانەیە، کە ئاخێوەری هەر زمانێك بەرامبەر بە زمانەکەی خۆی هەیەتی. بۆ دەرخستنی زانیارییە سینتاکسییەکان، دەکرێت وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن (sub categorization) بۆ نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانی توخمەکانی ناو فەرهەنگ بەکارببرێن. ئەو وەچە تیۆرە زانیارییە کۆتاکانی ئەو توخمانە دەخاتەڕوو, واتە ئەو پۆلەڕەگەزانە دیاریدەکات، کە پێویستە لە نواندنە سینتاکسییەکەدا هەبن[4]. بەو پێیە بێت، بەهۆی ئەو وەچەتیۆرەوە نەخشەی ناوەکیی فۆرمێکی داڕێژراوی سینتاکسیی دەکێشرێت. دیوی دەرەوەی ئەو زانیارییە سینتاکسییە فەرهەنگییەش بەهۆی تیۆری (X-bar)وە دەنوێنرێت. ڕوونتریش دەتوانرێت، بگوترێت: یاسای یەکەمی تیۆری (X-bar) نەخشەی تێکردە فەرهەنگییەکان بۆ سەرجەمی فۆرمە سینتاکسییەکان، دەنوێنێت، کە لە ($X^0$)ەوە دەستپێدەکات. یاسای دووەمی تیۆرییەکەش خستنەڕووی دەرکردەی فۆرمە سینتاکسییەکانە. بەو پێیە یاسای ( $X^= \longrightarrow$ Spec.+ $X^-$) زانیارییە فەرهەنگییەکانی ئایتمە فەرهەنگییەکان لەسەرەوڕیزبوونێکی پێچەوانەدا دەنوێنێت و تاڕادەیەك فۆرمی ئاستی قووڵ دەنەخشێنێت. دواتریش یاسای ( $X^- \longrightarrow$ comp.+ $X^0$) ی تیۆری (X- bar) دەرخستن و نواندنی دروستەی فۆرمە سینتاکسییەکان و سەرەوڕیزبوونی سەرو تەواواوکەرو جێکەوتەی سەرە ڕێزمانییەکەو دەسەڵات و ڕکێف و مەودای بەسەر تەواوکەرەکەیدا، دەگرێتە ئەستۆ[5].

($X^0$) (Terminal category)یەکە، سەرەتای دەستپێکی پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاکس دەستنیشان دەکات. ئەویش بەو پێیەی ($X^0$) ئەو توخمە فەرهەنگییەیە ( Lexical category)، کە پێشتر باسی لێوەکراو و زانیارییە سینتاکسییەکانی تێدا هەڵگیراوەو

1) مەبەست لێی فەرهەنگی ئاوەزییە، کە وشەنامەکەی ناومێشکە و سەرچاوەی زانینەو تێیدا زانیاریی فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسی، سیمانتیکی و پراگماتیکی و ... هەڵگیراوە. (65 :1999) D. Steinderg و (191: ۲۰۰۵)William O'Grady و محەمەدی مەحویی (۲۰۰٦: ۱۲)

2) Chomsky (1986a:151) و Cook & Newson (1997: 33_39) و Radford (2004 :407_ 408)

3 ) William O'Grady(۲۰۰۵ :۱۹۱)

4 ) Bas Arts (2001 : 123)

5 ) بڕوانە Radford (1981 :79_ 94) و Cook & Newson (1997: 133-147)


بەهۆیەوە فۆرم و پرۆژەی سینتاکسیی دادەڕێژرێت[٦]. زانیارییەکان بۆ دەرخستنی تواناکانی ئەو توخمە فەرهەنگییانە، بەو شێوەیە دەنوێنرێت، کە هەموو زمانێکی مرۆڤ بۆ بنیاتنانی دروستەیەکی سینتاکسیی قبوڵێتی. بڕوانە (١)

١) ا) ....$X^{-}$.... ⟵ $X^{=}$

ب) ....$X^{0}$.... ⟵ $X^{-}$

ئەوەی لە (١)دا نوێنراوە، نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانە بەبێ دیاریکردنی پەیوەندیی هەڕەمیی نێوانیان. ($X^{-}$) نواندنێکە، دیاریکەرێك (Spec. /Specifier)ێکی لە لای ڕاست یان چەپ داوادەکات. ($X^{0}$)یش ئەو توخمە فەرهەنگییەیە، کە تەواوکەرێك (Complement)ێك لە لای ڕاست یان چەپ دیاریدەکات. ئەو زانیارییانە بۆ هەرزمانێك پاش لێدانی پارامێتەر سەرەوڕیزبوونی هەریەك لەو نواندنە دەردەکەوێت. واتە دەزانرێت، کە هەریەك لە (.Spec و سەرو تەواوکەر) چۆن ڕیزدەبن. بۆ زمانی کوردیی بڕوانە هێڵکاریی (١) بەو پێیەی لە لێکۆڵینەوەکاندا دیاریکراوە، زمانی کوردیی ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکات.[٧]

هێڵکاریی (١)




١/٢) دروستەی فۆرمەگۆڕاوەکان

زانیارییە سینتاکسییەکان لە دروستکردنی فرێزەکانەوە دەستپێدەکەن، لەوێشەوە قۆناغی دووەم لە پرۆژەی گەورەتردا دەنوێنرێت. وەك پێشتر گوترا وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، پەیوەست بە دیاریکردنی ئەو کەتیگۆریانە کاردەکات، کە بەشێکن لە دەرخستنی ئەو ئارگومێنتانەی ئارگومێنت_داوەکەرەکان داوایاندەکەن و دواتر فۆرمی سینتاکسیی پێدەنەخشێنرێت. ئەوەش دوو تایبەتمەندیی هەیە: (ا)دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە کام کەتیگۆریی پێویستیی زگماکیی/فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکانن؟ بەوەش بنیاتی ئەو توخمانە دەنێت، کە بەشداریی لە پرۆژەی فرێزەکاندا دەکات. (ب) سەرەوڕیزبوونێکی فەرهەنگیی، بەپێی بەدواهاتنی تێکردەکان، دەخاتەڕوو. بۆ شێوازبەندکردنی ئەو

---

6 ) (Cook & Newson (1997: 160)

7 ) بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٩_٤٣)و محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤ : ٥٠_ ٥٢)و عەبدوالجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ : ٢٦-٣١)و عبدولجەبارمستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر(٢٠١١ : ٢٣).

**زانیارییانەش، لە (٢)دا تواناو ناواخنی کردارەکان تاقیدەکرێنەوە. چەشنی کردارەکانی زمانی کوردیی بەسەر ئەو یاسایانەدا دابەش دەبن.[8]**

**٢) ا. کردارەکانی لە جۆری (خەوتن، ڕۆیشتن، هاتن، مردن، چوون، گەیشتن...)و ئەوکردارانەی وەك ئەوان وان، ناواخنی سینتاکسییان بەپێی فەرهەنگ، پێڕەوی یاسای V +[.....]دەکات. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کردارانە لە سینتاکسدا تەواوکەریان نییە، بڕوانە نموونەی (٣).**

**ب. کردارەکانی لە جۆری (زانین، خواردن، بردن، هێنان، کوشتن، کێڵان، ...)و ئەوکردارانەی وەك ئەوان وان، ناواخنی سینتاکسییان (syntactic supposition) بەپێی فەرهەنگ، پێڕەوی یاسای V +[N] دەکات. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کردارانە لە سینتاکسدا تەواوکەرێك، بە پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی ناو هەڵدەبژێرێت. کردارکانی ئەم جۆرەیاسایە بەرهەمدێنن، لەو کردارەتێپەڕانەن، کە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە سادەن، بڕوانە نموونەی (٤).**

**پ. دروستە مۆرفۆلۆژییەکان سەرباری گۆڕینی واتا، تواناو ناوەخنی سینتاکسیی کردارەکانیش بە شێوەی جیاواز دەگۆڕن. پێشناوەکانی (پیَ، تیَ، لیَ) فۆرمی فەرهەنگیی پێشناوە سینتاکسییەکانن. ئەو پێشناوانە لەگەڵ هەندێك کرداردا فۆرمی مۆرفۆلۆژیی گەورەتر بەرهەمدێنن، کە بە هۆیەوە ناواخنی سینتاکسییان گۆڕانی بەسەردێت. کرداری (زانین) لە جۆری کردارەکانی (٢_ب)یە، کەچیی لە فۆرمی (پێزانین)دا دەروازەیەکی فەرهەنگیی جیاوازی لەوان هەیە. کرداری (گەیشتن)یش لەجۆری کردارەکانی (١_ا)ە، بەڵام لە فۆرمی (تێگەیشتن)دا، زانیارییەکی سینتاکسیی جیاوازی هەیەو پێڕەوی یاسای فەرهەنگیی V +[PP] دەکات، بڕوانە نموونەی (٥).**

**ت. پێشناوە فەرهەنگییەگان لە کردارەکانی (تێخستن، تێکردن، لێکردن، پێداگرتن، لێنان، پێدان،....)دا جگە گۆڕینی واتای کردارە بنەڕەتییەکە، زانیارییە ڕێزمانییانەی لە فەرهەنگدا هەیانە، گۆڕانی بەسەردا دێت. بە شێوەیەك، کە ئەگەرچیی لە ڕووی فۆرمەوە لە کردارەکانی (٢_پ) دەچن، کەچیی وەك لە نموونەی (٦)دا دەردەکەوێت، دروستەی سینتاکسیی جیاواز بەرهەمدێنن و پێڕەی یاسای V +[N,PP] دەکەن.**

**ئەو (pp) یانەی لە یاساکانی (٢_پ،ت)دا ئاماژەیان پێدراوە، لە زمانی کوردییدا فۆرمێکی فەرهەنگیین و لە فۆرمی (پیَ، تیَ، لیَ)دا دەردەکەون، بەڵام لە سینتاکسدا لە شێوەی فرێزە پێشناوییەکاندا خۆیان دەنوێنن. ئەو جۆرە پێشناوە فەرهەنگییانە بە پێچەوانەی پێشناوەسینتاکسییەکانەوە، ئارگومێنت_داواکەر نیین و خۆشیان بەو فۆرمەوە، لەلایەن**

8 ) پۆلەڕەگەزدیاریکردنی هەندێك کردار لای محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠ : ٣٧٥ )و حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩ : ٨٢-٨٤) و عبدولجەبارمستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر(٢٠١١ : ١٩_٢٣).

**کردارەکانەوە دۆخیان پێنادرێت[9]. بەڵام وەك لە نموونەکانی (٥،٦)دا دەردەکەوێت، فۆرمەگۆڕاوەکانی ئەو پێشناوە، کە (PP)یەکن دۆخی (Accusative)و (Genitive)یان هەیەو بەشێکن لە دروستەی (VP)یەکان. بەوەش دەبنە تەواوکەر.**

**٣) ا. نەوزاد ڕۆیشت. (ڕۆیشتن)**

**ب. نامەکە گەیشت. (گەیشتن)**

**٤) ئازاد وەڵامەکەی زانی. (زانین)**

**٥) ا. من بە هەواڵەکەی زانی. (پێزانین)**

**ب. پۆلیس لە تاوانەکەی کۆڵییەوە. (لێکۆڵینەوە)**

**پ. نەسرین لە پرسیارەکە گەیشت. (تێگەیشتن)**

**٦) ا. ئەو پیاوەکەی لە ژنەکەی کرد. (لێکردن)**

**ب. نەوزاد بارەکەی لە گوێدرێژەکە نا. (لێنان)**

**پ. مناڵەکە شوتییەکەی خستە حەوزەکەوە. (تێخستن)**

**ت. نەوزاد پارەکەی کردە گیرفانیەوە. (تێکردن)**

**هەر یەك لە کردارەکانی یاسای (٢_ا،ب،پ،ت) ڕەگی کردارەکانن، کە دروستکەری پرۆژەی فرێزی کردارییەن. دەکرێت هەمان زانیاریی فەرهەنگیی ئەو ڕەگی کردارانە، لە دروستەی سینتاکسییدا فۆرمە گۆڕاوەکانیان، پاش دیاریکردنی پارامێتەرەکە، بنوێنرێت. ئەوەی پێویستە بگوترێت: کە لە چێوەی گۆڕانی فۆرمەکەدا بۆ سینتاکس: (ا) پارامێتەرەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە زمانی کوردیی لە سەرتاپای دروستەسینتاکسییەکانیدا (فرێزو ڕستە)، ڕێسای سەرکۆتایی جێبەجێدەکات، بڕوانە هێڵکاریی (١). (ب) دەکرێت تەواوکەری سەرەڕێزمانییەکە ، فۆرمەکەی بۆ سینتاکس بگۆڕێت/بشکێتەوە. هەروەها، ئەگەر وەك لە یاسای (٢_ت)دا ئاماژەی پێدراوە، سەرەکە تەواوکەرێك زیاتری هەبوو، ئەوا لە پەیوەندییە هەرەمییەکەدا (C-Command) هەر ($V^0$)یەك یان ($V^-$)ێك، تەواوکەرێکی هەیە.**

**(N) لە یاساکانی (٢)دا بە پێی بنەما میتاییەکانی (Meta-Principe) فەرهەنگ، ڕۆڵی لە دروستکردنی فۆرمی گۆڕاوی گەورەتری فەرهەنگدا هەیە. لە تیۆری توانستدا پێویستە سەرچاوەی کەرەستەکان و چۆنێتی یەکگرتنیان دیاریبکرێت. دیاریکردنەکەش بنیاتنانی کۆمەڵێك یاسای فەرهەنگییە[10]. ئەو یاسایانە، یاساکانی فۆرمدارشتنی فەرهەنگیی دەگرێتەوە،**

9 ) شایەنی گوتنە ئەمانە لە زمانی ئینگلیزیدا فۆرمی سینتاکسییەکەیان پەیکاڵی یەکن، بۆیە Chomsky ( ١٩٩٣ :١٧١) وای دادەنێت، کە یەکێك لە تەواوکەرەکانی فۆرمی کراوەی ئەو کردارانە خاوەنی دۆخی زگماکیی بن.

10 ) بڕوانە R. Jackendoff (1991:17)

**که پێشتر له وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردندا خرانە ڕوو. ئەگەرچی یاساکانی فۆرمداڕشتن: دروستەی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیی دەگرێتەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دروستە سینتاکسییەکە دەکرێت.**

**وەچە تیۆری پۆلە ڕەگەزدیاریکردن، بەفۆرمکردنی ئەو زانیارییانەن، کە توخمێکی فەرهەنگیی لە خۆیدا هەڵیگرتوون، لەوەشەوە هەنگاوی یەکەمی دروستەی سینتاکسیی دەنرێت، چونکە ئەو یاسافەرهەنگییە بەشداری یاساکانی فرێز دروستکردندا دەکات.**

**هەریەکێك لە هەڵبژاردنی (V)یەکانی یاساکانی (٢)، (N) یان (PP)یەکن، کە ئەمانە بنەمای یەکەم هەنگاوی نەگۆڕاوە دروستەسینتاکسیی/فرێزەکانە. پێشنیازی یەکەم هەنگاوی هەڵبژاردنی کەتیگۆرییەکە، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئەو (N)و (PP) بچوکترین نواندنی فەرهەنگیی ئەو کەتیگۆریانەن. لەکاتی گۆڕینی فۆرمەکە بۆ سینتاکس و داڕشتنی فرێزەکاندا بەلایەنی کەمەوە دروستەکە لە سەرو تەواوکەر دروستدەبێت[11]. ئەوانەی فرێزی فەرهەنگیی (Lexical Phrase)ن، تەواوکەرەکانیان تەواوکەری فەرهەنگیین، کە دەکرێت لە سینتاکسدا فۆرمەکەیان بۆ تەواوکەرێکی سینتاکسیی بگۆڕێت. تەواوکەری فەرهەنگیی هەریەك لە ( V, A, N, P)، (N)ێکە (سەبارەت بە (V) بڕوانە یاساکانی ناو ژمارە (٢) بۆ هەریەك لە (A, N, P) لە (٧)دا دەنوێنرێت، بەڵام وەك لە نموونەی (٨)دا دەردەکەوێت، دەکرێت ئەو (N)ی تەواوکەری (A, N, P)ەکە بۆ تەواوکەرێکی سینتاکسیی لە جۆری ($D^-$)و (N)ی (V)یەکەش بۆ ($D^-$)یان ($A^-$)ێك بگۆڕێت، بڕوانە نموونەی (٩_اب). وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا هەریەك لە (PP)یەکانی ناو یاسای (٢_پ ت) لە دروستە سینتاکسییەکاندا[12] بۆ (PP)یەکی سینتاکسیی دەگۆڕێن، بڕوانە نموونەکانی(٥،٦). هەریەك لە (پێ، تێ، لێ) لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییەکەی ڕستەدا بەهەمان فۆرمەوە دەمێننەوە، بڕوانە: (پێمداگرتن، لێموەرگرتن، تێمکردن).**

**٧) ا. [N] + N ______← دەستی من ، کوڕی نەوزاد**
**ب. [N] + A ______← کوڕی زیرەك، گوڵی سوور**
**پ. [N] + P ______← لە بازاڕ.**
**٨) ا. دەستێکی من، کوڕەکەی نەوزاد**
**ب. کوڕێکی زیرەك، گوڵێکی سوور**
**پ. لە بازاڕەکە، لە پیاوێکی پیر.**

---

11) دروستەی فرێزی زمانی کوردیی لە چەشنی ($X^-$)ن، واتە لە سەرو تەواوکەر دروستدەبن. بڕوانە محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤ : ٣٤) و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عمر قادر (٢٠١١ : ١٧)

12 ) هەریەك لە (پێ، تێ، لێ) بە پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیی ناوبراون، بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٧٥)و عەبدولجبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ : ٧١)

فرێز یەکێکە لە کەرەستە سینتاکسییەکان، دروستەیەکە لە سینتاکسدا، وەك فۆرمێکی گۆڕاوی زانیاریی فەرهەنگیی خۆی دەنوێنێت. بە پێچەوانەی نموونەکانی (٧)ەوە، هەریەك لە نموونەکانی (٨) ئەوە دەردەبڕن، کە سەری ڕێزمانیی (P,N,A) تەواوکەرێکی سینتاکسیی لە جۆری (فرێزی دیارخەریی/$D^-$) حوکمکردووە. لەلایەکی ترەوە، ناوە تەواوکەرە فەرهەنگییەکان لە نموونەکانی (٧)دا فۆرمەکەیان فەرهەنگییەو بریتیین لە ناوە گشتییەکان، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت: (ا) ناوی گشتیی جێکەوتەی تەواوکەر پڕدەکاتەوەو بە تەنها نابێتە فرێز [١٣].بڕوانە نموونەی(٩)، (ب) ناوەگشتییەکە تەواوکەرێکی فۆرم_نەگۆڕاوی فەرهەنگییە، کە وەك لە هێڵکاریی (١)دا دەرکەوتووە، جێکەوتەکەی دەبێتە سەرەتای فرێزەکە.

٩) ا. *کوڕ بەیەکەم دەرچوو.

ب. *ماڵ لە چوارباخە.

لە نموونەی (٩)دا هەریەك لە ناوی گشتیی (کوڕ، ماڵ) بەبێ سترێس و بە بێ ئەو جێکەوتەسینتاکسییە، کە جێکەوتەی فرێزە ڕێگا پێنەدراون، چونکە ئەوانە دروستەی فرێزیان نییەو دروستەی فرێز ($X^-$)تێرناکەن، کە سەرو تەواوکەرێکە . بۆیە دەکرێت: (ا) سترێس جێگرەوەی (det. / determiner)ێکی دەرنەبڕاو بێت، ئەو دەمە دروستەکە دەبێتە فرێزێکی سەر_دەرنەبڕاو (Null Head)، بڕوانە هێڵکاریی(٢). (ب) ئەو ناوانە جێکەوتەی سەرتۆپیان گرتووەو زانیاریی زانراون، گەر زانراونەبن، دەبنە بەربەست لەبەردەم گرنگیی زانیارییەکانی دوای ئەوان. بڕوانە >تەختە سەرئاو دەکەوێت<، دەبێت (تەختە) زانراوو پێشبینیلێکراو بێت، تا زانیاریی نوێی (سەرئاوکەوتن) بەسود بێت بۆ گوێگر/وەرگر[١٤]. لە نموونەی >من شووتیی دەخۆم<دا (شووتیی) زانیاریی نوێیە، ئەگەرچیی دروستەی فرێزی نییە، بەڵام بە سترێس ئاوازێکی تایبەتی هەیە، بۆیە لەو جێکەوتەیەدا، کە جێکەوتەی ئارگومێنتە، وەك فرێزێکی دیارخەریی ڕێگاپێدراوە، بەڵام ئەگەر بکرێتە باسمەندو بچێتە جێکەوتەی نائارگومێنت، ئەوا دەبێت بکرێتە فرێزێکی تێرکراو($D^-/X^-$ ) . ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەو فرێزە لە جێکەوتەی خۆیدا هەمان فرێز ($D^-$) بووە، بڕوانە نموونەی (١٠_ا)و لەگەڵ نموونەی (١٠_ب پ)دا بەراوردیی بکە. (پ) یان دەکرێت ئەو ناوەگشتییانە تێر بکرێت و لە دروستەی فرێزێکدا ($X^-$) دەربخرێنەوە، ئەویش بە دەربڕینی سەرەڕێزمانییەکەیان دەبێت، کە ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ تەواوکەرەکە دەستەبەربکرێت، نموونەکانی (٩) لەگەڵ ئەوانەی (١١)دا بەراورد بکە.

١٠) ا. من شووتیی دەخۆم.

ب. *شووتیی من دەیخۆم.

پ. شووتییەکە من دەیخۆم.

---


13) بڕوانە: عبدولجبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ : ٣٩)

14) سەبارەت بە ڕستەی باسمەند بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ١٠٦، ١٠٧)

١١) ا. **کوڕەکە** بەیەکەم دەرچوو.

ب. **ماڵەکە** لە چواربا خە.

هێڵکاریی (٢)




نموونەکان ئەوەیان دەرخست، کە تەواوکەرەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێن و پاشان بە پێی جێکەوتە سینتاکسییەکان فۆرمەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. بۆ نموونە (N) ئەو تەواوکەرە فەرهەنگییە، کە بۆ (DP,NP,AP) دەگۆڕێت. دەکرێت ئەوەش بگوترێت، کە تەنانەت ئەو کردارە لێکدراوە بە لێکسیێمبووانەی کەرتی یەکەمیان (N)ێکە، لە شکانەوەو بەکارهێنانە سینتاکییەکاندا، فۆرمەکەیان بۆ سینتاکس دەگۆڕێت و لێکسیێمەکە هەڵدەوەشێتەوەو هەڵسوکەوتی بەرکارە ڕاستەوخۆکە دەکات، واتە وەك هەر بەرکارێکی ڕاستەوخۆی لێدێت[15]. وەك لە نموونەکانی (١٥،١٤،١٣،١٢)دا دەردەکەوێت، کردارەکانی >یاریکردن، شووکردن، پێچخواردن، نانخواردن<، کە کرداری لێکدراون و کەرتی یەکەمیان (N)ە، لە کاتی شکانەوەی لە دروستەی ڕستەدا (N)ەکە بۆ (DP,NP,AP) دەگۆڕێت، بەوەش کردارەکە بۆ سینتاکس هەڵدەوەشێتەوە.

١٢) ا. نەوزاد یارییدەکات.

ب. نەوزاد یارییەکە دەکات.

پ. نەوزاد یارییەکی چاك دەکات.

ت. نەوزاد یاریی تێنس دەکات.

١٣) ا. نەسرین شوویکرد.

ب. نەسرین شووەکەی کرد.

پ. نەسرین شوویەکی باشی کرد.

١٤) ا. سۆندەکە پێچیخوارد.

ب. سۆندەکە پێچێکی خوارد.

---

15 ) ا) Ivan A. Sag and Anna Szabolcsi (1992 : 241-242)

ب) لە شێوەزاری هەورامییدا کەرتی یەکەمی کردارە بەلێکسیێمبووەکە لە فۆرمە سینتاکسییەکەیدا، مۆرفیێمی دۆخ یان توخمیش وەردەکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠١٠: ٥٤)

**پ. سۆندەکە پێچێکی زۆری خوارد.**

**١٥) ا. ئازاد ناندەخوات.**

**ب. ئازاد کولێرە دەخوات.**

**پ. ئازاد نانێکی زۆری خوارد.**

**نموونەکانی (١٢، ١٣، ١٤، ١٥) پێشبینی ئەوە دەدەن، کە: (ا) پرۆسە بەلێکسیمبووەکان لە سینتاکسەوە نەخشەیان بۆ دەکێشرێت، ئەویش بەو پێیەی یاساو دروستە سینتاکسییەکان لە بنیاتی فۆرمەمۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکاندا ڕۆلیان هەیە[١٦]. (ب) ئەو فۆرمانە لە فەرهەنگ و سینتاکسدا هەن، واتە فۆرمێکی سینتاکسیی و فەرهەنگیشیان هەیە. بۆ نموونە (یاریکردن) لە نموونەی (١٢_ا)دا وەك لێکسیمێکی سەربەخۆ (بەلێکسیمبوون گۆڕینی فۆرمێکی ئازادی سینتاکسییە بۆ فۆرمێکی چەسپاوی مۆرفۆلۆژیی، کە لە ئەنجامیدا، جگە لە گۆڕانی چاوەڕوانکراوی فۆرمەکە، ناوەرۆك و واتاکەشی گۆڕانی بەسەردا دێت[١٧]) مانایەکی گشتییە بۆ کردنی هەموو یارییەك، واتە خودی پرۆسەکە دەگرێتەوە، بۆیە پێکەوەلکێنراوە. لە نموونەی (١٢_ب)دا فرێزی {یارییەکە} بووەتە ناوی یارییەکی زانراوی نێوان قسەکەرو گوێگر، کە دەشێت بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: >نەوزاد تۆپتۆپێن دەکات.< بەوەش لێکسیمەکە هەڵدەوەشێتەوەو بەو شێوەیەی لە نموونەکانی (١٢، ١٣، ١٤، ١٥)دا دەرکەوت، فۆرمەکە بەتەواویی وەك دروستەیەکی سینتاکسیی مامەڵەدەکات. لەلایەکی ترەوە >نانخواردن< لە نموونەی (١٥_ا)دا، بۆیە پێکەوە لکێنراوە، چونکە کردارێکی بەلێکسیمبووەو (نان) تێیدا، هایپۆنیمی خۆراکە (واتە، کە دەگوترێت: >من ناندەخۆم<، واتە هەرچییەك لەسەر سفرە بێت). دەکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمەکە، ڕستەیەکی لەجۆری >من نان دەخۆم< تاقیبکرێتەوە. لەو ڕستەیەدا (نان) خۆی ئەندامێکی هایپۆنیمی (نان)ە، کە وەك لە (١٥_ب)دا هاتووە، دەکرێت، بکرێتە (کولێرە). بۆیە لەم ڕستەیەدا (نان)و لەو ڕستەیەشدا (کولێرە) بەکردارەکەوە نەلکێنراوە، ئەویش بەو پێیەی لێکسیمەکە هەڵوەشێنراوەتەوەو (کولێرەخواردن یان سەموونخواردن)یش نەبووەنەتە لێکسیمی سەربەخۆ. زۆربەی کردارە بەلێکسیمبووەکانی زمانی کوردیی، تەنانەت ئیدیۆمییەکانیشی دەکرێت لە سینتاکسدا فۆرمی تایبەت بەخۆیان بگۆڕن و هەڵبوەشێنرێنەوە[١٨]، ئەوەش جارێکی تر پەیوەندیی**

---

16 ) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە فۆرمە بەلێکیسمبووەکان بڕوانە: محەمەد مەحویی (٢٠٠١: ٤٥)و محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٠_١٣)و عبدولجەبارمستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر(٢٠١١ : ٢٣).

17) بۆ نموونە <دەم و چاو> فۆرمێکی سینتاکسیی ئازادەو ناوەرۆکی هەیە، کە دەکرێت لە پرۆسەی بە لێکسیمبووندا ناوەرۆك و واتایەکی زیاتری تێدا چڕبکرێتەوە. >دەموچاو< ناوەرۆکەکەی گۆڕاوەو لە ناوەرۆکی فۆرمە سینتاکسییەکەی فراوانتر بووە. بۆ زانیاریی زیاتریش بڕوانە: محەمەد مەحویی (٢٠٠٦: ٤٥)

18 ) تەنانەت لە شێوەزاری هەورامییدا تەواوکەری کردارەکە لە فۆرمە سینتاکسییەکەیدا لە ژمارەو توخمیشدا ڕێکدەکەوێت، بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠٩: ٥٨_٥٩).

نێوان فەرهەنگ و سینتاکس دەردەخات. هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە دەکرێت لە زمانی کوردییدا، کردارەکان جگەلەوەی بە فۆرم و ناوەرۆکێکی چەسپاوەوە بوونەتە دانەیەکی فەرهەنگیی، لە سینتاکسیشدا وەك بۆ کردارەکانی (پێچخواردن و نانخواردن و شووکردن و یاریکردن) خرایە ڕوو، دەکرێت لە ڕێگای گۆڕینی جێنشینیی/ستوونیی(Paradigmatic)تەواوکەرەکانیانەوە،هەڵیانبوەشێنینەوەو ناوەرۆك و واتای زیاتریان پێببەخشرێت[19].

واتە لە قۆناغی یەکەمی گۆڕینی فۆرمەکە لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاکس، کە لە ئەنجامی گواستنەوەی تەواوکەرەوە ڕوودەدات، هەنگاوی یەکەمی فۆڕمداڕشتن بۆ پێکهێنانی فرێز، کە پرۆژەیەکی ناوەندیی نێوان وشەو ڕستەیە، دەستپێدەکات. ئەمەش ئەو دەگەیەنێت، کە ئەو یاسا فەرهەنگییانەی لە (٢)دا خرانە ڕوو، تەنها سەرەوریزبوونی فەرهەنگیین و کەرەستەکانیشی کەتیگۆریی فەرهەنگیین و نەبوونەتە کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی[٢٠]. ئەو دروستە فەرهەنگییانەی (٢) لە کاتی داڕشتنی دروستەی فرێزەکاندا دەبنە کەتیگۆرییەکە سینتاکسیی و تەواوکەرەکانیش دەبنە تەواوکەری سینتاکسیی، ئەوەش لەوەوە پێشبینیی کراوە، کە سەرە ڕێزمانییەکان دۆخ بە فرێزەکان دەدەن نەك وشەکان[٢١]. لەوەوە دروستەیەکی لە جۆری <دەستی من> لە ($N^-$)و سەرێکی ڕێزمانیی دروستبووە. واتە ($N^-$)کە بۆ وەرگرتنی دۆخی خستنەپاڵ (Genitive case) شکاوەتەوە (Inflected). دەبێت لێرەوە ئاماژە بەوە بدرێت، قۆناغی دەستپێکردنی فۆرمە سینتاکسییەکەکە، لە کرانەوەی (pp)یە فەرهەنگییەکەوە دەستپێدەکات، ئەویش بەو پێیەی، کە سەرە ڕێزمانییەکان یەك دۆخ بە یەك تەواوکەر دەدەن. واتە ($V^0$)و (PP)یە سینتاکسییەکە نۆدی ($V^-$) دروستدەکەن، پاشان ($V^-$)ەکە لەگەڵ ($D^-/N^-$) یەکدا نۆدێکی تر دروستدەکەن و تیایدا پەیوەندییە هەڕەمییە سینتاکسییەکە ڕووندەبێتەوە[٢٢]. ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ دیوە سینتاکسییەکەی یاسای (٢_ت)و دەکرێت دروستە سینتاکسییەکە، بۆ ئەو (VP)ەی زمانی کوردیی لە هێڵکاریی (٣)دا بنوێنرێت.

---


19 ) سەبارەت بە پرۆسەی بەلێکسێمبووەکانی کردار بڕوانە عبدولجەبارمستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر(٢٠١١ : ١٩_٢٣).

20 ) ڕستە لە چەند کەتیگۆرییەکی سنتاکسیی پێکدێت نە ك فەرهەنگیی(وشە). بڕوانە:
Noel Burton-Roberts (1997:31)

21) بشڕوانە: ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٧ : ١٥٩)، کە پێی وایە پۆلە ڕەگەزی ناوو ئاوەڵناو دۆخپێدەر نیین.

22 ) بشڕوانە: (133 : 2000) Frank Richter and Manfred Sailer و محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤ : ٥٠_ ٥٢)

هێڵکاریی (٣)




ئەو یاسایانەی (٢) پرۆژە سینتاکسییەکان بۆ فریزی کرداریی زمانی کوردیی بە پێی توخمە سەرەکییەکان دروستدەکەن، کە سەروتەواوکەرن. بۆیە لێرەوە، دەبێت پێشنیازی جێکەوتەی (spec. /Specifier)بکرێت. بکەر دانەیەکی فەرهەنگی نییە، بۆیە لەو نەخشە فەرهەنگییەی بەپێی یاسای پۆلەرەگەزدیاریکردن بۆ فریزی کرداریی کێشرا، ئاماژەی پێنەدرابوو.

بە پێی تیۆرەکەی کایین گشت زمانەکان توخمە پێکهێنەرەکانی دروستەی سینتاکسییان بە شێوەی (.spec، Head، compliment) ڕیز دەبن[٢٣]. بە گوێرەی سینتاکسیی (VP) لە زمانی کوردییدا، بۆ سەرەو ڕیزبوون (.spec، Compliment ، Head) بەدەستەوە دەدەن. پێدەچێت ئەو پێشنیازەی کایین بۆ سەرەو ڕیزبوونە فەرهەنگییەکەی زمانی کوردیی ڕێی تێبچێت. ئەوەش بە خشکەیی ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە لە قۆناغی یەکەمی بە سینتاکی_بوونی (VP)یکەدا تەواوکەری ($V^0$)ەکە، بۆ دیاریکردنی هەمان_ئاراستەیی پێدانی دۆخ، لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بگوێزرێتەوە[٢٤]، چونکە ئاراستەی پێدانی دۆخ لە دروستە سینتاکسییەکانی زمانی کوردییدا لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

وەك پێشتر گوترا ڕەگی کردار سەری ڕێزمانی فریزی کرداریی، بەوەش ڕەگەکە ($V^0$) تەنها پرۆژەیەك دروستدەکات و دەسەڵاتی بەسەر یەك تەواوکەردا هەیەو پێکەوە ($V^-$) دروستدەکەن. ($V^-$) فۆرمێکی گۆڕاوی سینتاکسیی نائازادەو دەستەواژیلەیەکی کرداریيە[٢٥]و دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسیی تاف (Tense). فۆرمی یاساکە بەم شێوەیەی لێدێت: ($T + V^-$)، لەبەرئەوەی

---

23 ) Ouhalla (1999: 454-461)

24 ) سەبارەت بە ئەم دیاریدەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بڕوانە: (Jackendoff ( 2007 : 64 - 66

25 )دەستەواژیلە (sub phrase) دروستەیەکە لە نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، نەبووە بە وشەو نە بە دەستەواژە (فریز). بڕوانە: عەبدوالجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٢٦و ٢٧)و عبدولجەبارمستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر(٢٠١١ : ١٠).

تافەکە دەبێتە سەری ڕێزمانیی ئەو پرۆژەیە، بۆیە بە فریزی تاف (Tense Phrase)/(TP) ناودەبرێت.

ئارگومێنتی بکەر لەگەڵ ($V^-$)ەکەدا، کە خوشکێتی و بەپێی زمانی کوردیی، لای ڕاستی ($V^-$)ەکە دەگرێت. ئەگەرچیی لە هەنگاوی یەکەمدا، بکەرەکە بۆ (.spec)ی فریزی تافەکە بەرز دەکرێتەوە( لەبەرئەوەی (TP) پرۆژەیەکی بەرزترە لە فریزە کرداریی، بۆیە بۆبەرزکردنەوە پێشبینییلێکراوە نەک بۆنزمکردنەوە). ($V^-$)ەکە بۆیە نەیتوانی بکەری خۆی بۆ ڕستە تاقیبکاتەوە، چونکە (V)ی دروستکەری پرۆژەکە تافی تێدا نەبوو. ($T^-$)ەکەش بەهەمان شێوە، بۆیە ئارگومێنتی بکەری بۆتاقیناکرێتەوە، لەبەرئەوەی نیشانەیەك نییە، (TP)ەکە چالاك بکات. بەڵگەش بۆ بەڕستە_نەبوونی (TP)، فۆرمەکانی لە جۆری >من نامە نارد<، >من نامە دەنێر< ن، کە سەربادی هەبوونی تاف و کەسی نازەنگین (جێناوەسەربەخۆکە دەگرێتەوە)، کەچیی (TP) یەکە نەیتوانیوە پرۆژەی ڕستەیەکی زمانی کوردی دروستبکات[٢٦] بڕوانە هێڵکاریی (٤). بۆ ڕێگاپێدان و ڕێزمانیی_بوونی ئەو دوو فۆرمەو دروستبوونی ڕستەی زمانی کوردیی پێویستە بکەرەکە بۆ (.spec)ی پرۆژەیەکی لە (TP) گەورەتر بەرز بکرێتەوە، کە ئەویش (Agreement /AGRP Phrase)ە.

ڕێکەوتن لە ڕێی ئەو نیشانانەوە بەجێدەهێنرێت، کە پەیکاڵ و هاونیشانە/ هاوسیمان لەگەڵ جێناوەسەربەخۆکاندا. ئەو نیشانانە، لەبەر ئەوەی ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ (TP) دەستەبەر دەکەن، بۆیە دەبنە سەری ڕێزمانیی پرۆژەی ڕستەی زمانی کوردیی، بڕوانە هێڵکاریی (٥). لێرەوە دەتوانرێت، ئەوە بگوترێت، کە نەبوونی ڕێکەوتنی بەرکار (Object Agreement)[٢٧] لە ڕستەی زمانی کوردییدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەرکار پاش گواستنەوەی لە فۆرمە فەرهەنگییەکەیەوە، کە لای چەپی کردارە بۆ فۆرمە سینتاکسییەکەی، کە لای ڕاستی کردارە، دۆخەکەی لە ڕێی مەرجی هاوسێیەتییەوە ( Subjacency Condition) وەردەگرێت. بەرکار لەو جێکەوتەیەدا توند بە سەرە ڕێزمانییەکەیەوە بەستراوەتەوە، بۆیە وەك لە (١٦)دا دەردەکەوێت، گواستنەوەی سەرپشکییانەی بەرکار بە هاونیشانەکردن چارەسەر دەکرێت. ئەو ڕوونکردنەوەیەش ئەوە دەردەبڕێت، کە: (ا) گواستنەوەی ئارگومێنت لە ڕستەی زمانی کوردییدا بە هاونیشانە چارەسەر دەکات و بە ئارگومێنتەکەوە دەیبەستێتەوە، (ب) هاونیشانەکردنی بکەریش پاش پرۆسەی گواستنەوەی بکەر ڕوودەدات. واتە لە زمانی کوردییدا هاونیشانەکردن نیشانەیەکە بۆ گواستنەوەی ئارگومێنتەکان.

(١٦) من تۆم بینی ——— ← تۆ، من بینیمیت

i i ... j i i j

---

26 ) بشڕوانە تارا موحسین قادر (٢٠١١: ١١٩_١٢٠)، کە پێی وایە ڕستەی زمانی کوردیی (TP)ە.

27 ) هەروەها بڕوانە (MARK C. BAKER (2008 : 85


سەرەڕای ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە، دەستپێکی هەنگاوەکان بۆ دروستکردنی ئەو پرۆژە سینتاکسییانەی سەرەوە ($V^0$)ە. بەڵام لە پاش دروستبوونی فۆرمێکی سینتاکسیی لە جۆری ($V^-$)، پرۆژەکان دەکەونە دەست سەرە ئەرکییەکانی وەک (تاف و ڕێکەوتن). ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، تەنها تەواوکەری ($V^0$) فەرهەنگییە، تەواوکەرەکانی تری پاش ($V^0$) دەبنە تەواوکەرێکی سینتاکسیی. ئەو تەواوکەرانە توێکڵی کرداریان پێدەگوترێت (Verb shell)[28]، کە وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا پرۆژە سینتاکسییەکە لە (VP)ەوە بۆ (TP) دەستپێدەکات و بە (AGRP) کۆتایی دێت. بەوەش هاوکێشەکە بەمشێوەیەیە : (کردار/ڕووداو + تاف + کەس). گەر بشڕوانرێتە منداڵی کورد لە کاتی زمانپژانیدا لە سەرەتادا ڕوداو پاشان تاف پاشانیش کەسی ڕێکەوتن تاقیدەکاتەوە. بڕوانە نموونەکانی وەک >من یاریکردم<، >ئەو نان خواردی<یان دەکرێت بگوترێت، منداڵی کورد لەسەرەتادا دەسەڵاتی بەسەر تافدا هەیەو تاف چێکدەکات (Tense checking) پاشانیش کەس. بڕوانە >برسیتم، سەرماتم<، لەم دوو فۆرمەدا منداڵ بە ئانالۆژیی دروستە سینتاکسییەکەی دووبارە کردووەتەوە، واتە چێکی تافی تێدا کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی چێکی کەس قۆناغی دووەمی دروستەکەیە، بۆیە جگە لە کەسی یەکەم، کەسی دووەمیش دووبارەکراوەتەوە.

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە(TP) بەتەنها نەبووە پرۆژەی ڕستەیەک، بەڵام تاف لە دەروازە فەرهەنگییەکەیدا ئارگومێنتداواکەرەو لە سینتاکسدا فۆرمی گۆڕاوی (VP)ی وەک تەواوکەرێکی سینتاکسیی تاقیکردەوە. بۆیە دەکرێت لە (١٧_ا)دا شێوازبەندبکرێت. هەروەها دەکرێت، ڕێکەوتن (Agreement)ەکەش ئەو توخمە فەرهەنگییە بێت، کە ناواخنەکەی لە سینتاکسدا بەرجەستە بکرێت و دەربخرێت، بڕوانە شێوازبەندەکەی لە (١٧_ب)دا.

١٧) ا. T + [VP]


ب. AGR. + [TP]

هێڵکاریی (٤)




28 ) Tonoiky (1995:107-109) و Ura (2000:27-28) و تارا موحسین قادر (٢٠١١: ١٢١)

**هێڵکاریی (٥)**




دروستە سینتاکسییەکان بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێن و فراواندەکرێن، کە لە فەرهەنگدا بۆیان دیاریکراوە، وەك پێشتر ڕوونکرایەوە سەرتاپای توخمە فەرهەنگییەکان (لێکسیمەکان) ئەو زانیارییانە لەناوەخنیاندا هەڵگیراوە. دەبێت ئەوەش بگوترێت ئەو زانیارییە زگماکییانەی لە ناوەخنی ئەو توخمانەدان وەك توانایەکی ئەبستراکتیی هەڵگیراون، کە دەکرێت نواندنی جیایان لە فۆرمی گۆڕاوی جیادا هەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ڕێی ئەو زانیارییە زگماکییەوە دروستەیەکی سینتاکسیی تێرو بێکەموکوڕیی بەرهەمدێنن.

ناوەخنی کردارەکانی جۆری یاسای ([N]+ V)و ([PP]+ V)، بە پێی توانا فەرهەنگییەکانیان، پێشنیازی دوو تەواوکەری جیادەکەن. واتە توانا ئەبستراکتییەکەی ئەو کردارانە دەبێت لە سینتاکسدا بکرێنە فۆرمێکی سینتاکسیی کۆنکرێت. نواندنە سینتاکسییە جۆراوجۆرەکان، بەڵگەی هەبوونی ئەو توانایەی کردارە تێپەڕەکانن. وەك زانراوە، کردارە تێپەڕەکان لە نواندنە سینتاکسییەکەیاندا بە بێ تەواوکەر ڕێگا پێنەدراون. بۆیە هەندێك لە ناوەکردارییە تێپەڕەکانی وەکو: بیستن، ویستن، گوتن، حەزکردن، داواکردن،... لە سینتاکسدا جیاواز لە کردارە تێپەڕەکانی تر، جگە لە تەواوکەرە فرێزییەکە، لە فۆرمی تری وەك ڕستەشدا تەواوکەر ئاراستە دەکەن. واتە ئەو کردارانە تەواوکەرەکەیان یان تەواوکەرێکی ناوەکیی لە دروستەی فرێزدا یان تەواوکەرەکەیان دەرەکییە لە دروستەی ڕستەدا. بەوەش فرێزو ڕستە دەبنە فۆرمێکی کۆنکرێتیی توانا ئەبستراکتییەکانی ئەو کردارانە.

ناوە کردارییی (پێزانین)، لەبەر ئەوەی یاسای ([PP]+ V) دەیگرێتەوە، بۆیە فۆرمی سینتاکسیی تەواوکەرەکەی: (ا) دەبێتە (PP) سینتاکسیی/ (AP/DP/NP+P) بڕوانە (١٨_ا). (ب) یان

**وەك لە (١٨_ب)دا دەردەکەوێت، دەبێتە ڕستەیەك. بەوەش دەکرێت یاساکە لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا، بەم شێوەیەش دابڕێژرێتەوە: ([S]+ V).**

**١٨) ا. من بە بەهاتنی تۆم زانی.**

**ب. من زانیم، (کە) تۆ هاتووی.**

**وەك لە (١٩_ا،ب،پ،ت)شدا دیارە، یاسای ([N]+ V) بۆ ناوەکردارییەکانی بیستن، ویستن، گوتن، حەزکردن، داواکردن،... بە هەمان شێوەی یاساکەی تر تەواوکەرە فرێزییەکەی لە فۆرمی (NP/ AP /DP)دایە یان لە کاتی نەهاتنی ئەو تەواوکەرەدا بەهۆی ویستی فەرهەنگی کردارەکەوە تەواوکەرەکەی لە فۆرمی ڕستەدا دادەڕێژرێت.**

**١٩) ا. من هەواڵەکەم بیست.**

**ب. ئازاد گۆرانیی گوت.**

**تەواوکەر**

**پ. من بیستم، (کە) نەوزاد دەرچووە.**

**ت. ئازاد گوتی، (کە) نەوزاد هاتووەتەوە.**

**تەواوکەر**

**ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە بۆ گشت کردارە تێپەڕەکان دەستنادات، ئەویش بەو پێیەی گشت تێپەڕەکان نەخشەیەکی خورتیی ڕستە ئاڵۆزەکان ناکێشن. ئەوەش وەك گوترا، پەیوەندیی بەو توانا فەرهەنگییەوە هەیە، کە بەشێکە لە ناواخنی هەریەکەیان. ئەو زانیارییە، کردارە تێنەپەڕەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەوان سەرەڕای ئەوەش وەك لە یاسای (٢_ا) دەرخراوە، لە فەرهەنگدا هیچ تەواوکەرێکیان بۆ دیارینەکراوە. لەوەوە دەبێت ئەوە بگوترێت، کە گشت کردارە تێپەڕەکان لە زانیارییە فەرهەنگییەکەیاندا چوونیەك نیین، چونکە هەندێکیان لە مەودای فۆرمدارشتیان فراوانترە، بڕوانە کردارەکانی بیستن، ویستن، گوتن، حەزکردن، داواکردن،...لە (١٩)داو کردارەکانی خواردن، ناردن، بردن، هێنان، خستن،... لە (٢٠_اب) بۆ ڕستەی سادەو (٢٠_پ،ت) بۆ ڕستە ئاڵۆزە سەرپشکییەکان.**

**٢٠) ا. من نانم زۆر خوارد.**

**ب. من نەوزادم بینی.**

**پ. من نانم زۆر خوارد، چونکە برسیم بوو.**

**سەربار**

**ت. من نەوزادم بینی، ئینجا خانووەکەم نیشاندا.**

**سەربار**

**ئەو کردارانەی لە (٢٠) نوێنراون، هاوشێوەی کردارە تێنەپەڕەکانی چوون، مردن، کەوتن، هاتن،....، بە خورتیی ڕستەی ئاڵۆز دروستناکەن، بەڵکو سەرپشکیانە بۆ واتاو زانیاریی واتایی، ڕستەیەکی سەربار (adjunct) بە (VP)یەکەیاندا هەڵدەواسرێت، بڕوانە نموونەی (٢١)و هێڵکاریی (٧)و لەگەڵ هێڵکاریی (٦)دا بەراوردیی بکە!. ئەو ڕستە سەربارانەی نموونەی (٢١) هاوشێوەی**

(PP)یە سەربارەکان ، بەو شێوەیەی لە تیۆری (X-bar)دا بۆ سەربارەکان ئاماژەیان پێدراوە، بەشداریی لە دروستەی بنەڕەتی ڕستەی سادەو ڕستەی ئاڵۆزدا ناکەن، بۆیە بەشدارییەکی سەرپشکییانەیان لە دروستکردنی ڕستە ئاڵۆزەکاندا هەیە(لە نموونەی (من بەدەست نامەکەم نووسی)دا فرێزی پێشناویی {بەدەست} سەربارەو تەنها زانیاریی واتایی لەسەر کردارەکە داوە، دەکرێت لە سینتاکسدا لابرێت. بڕوانە: من نامەکەم نووسی. بەڵام وەك لە هێڵکاریی (٧)دا دیارە، ڕستە سەربارەکە وەك ڕستە تەواوکەرەکە، لای چەپی کردارەکە دەگرێت). هێڵکاریی (٧) ئەوە دەردەخات، کە ئەو کردارە تێپەڕانەی دروستکەری ڕستەی ئاڵۆز نین، سەرەڕای ئەوەی کردارەکەی ڕستەیەکی سەرباریی پێداهەڵدەواسرێت، کردارەکە بۆ بەتاڵکردنەوەی دۆخە بەرکارییەکەی و جێبەجێکردنی ویستە فەرهەنگییەکەی، جگە لە ڕستە پێداهەڵواسراوەکە، بەرکارێکی فرێزیی دەبێتە تەواوکەری ڕاستەقینەی خۆی. لە کاتێکدا وەك لە هێڵکاریی (٦)دا دەردەکەوێت، ئەو ڕستە ئاڵۆزانەی پرۆژەی کردارە تێپەڕەکانی لە جۆری بیستن، ویستن، گوتن، حەزکردن، داواکردن،.... بوون، تەنها تەواوکەرە ڕستەییەکەیان هەیە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کردارەکە تەنها یەك تەواوکەر حوکمدەکات و یەك تەواوکەریش ویستە فەرهەنگییەکەیەتی، بۆیە نموونەی (٢٢) بە پێچەوانەی (١٩_پ،ت)ەوە، ڕێگا پێنەدراوە.

٢١) ا. نەوزاد ڕۆیشت، که ئازاد هات./ کە ئازاد هات، نەوزاد ڕۆیشت

ب. ئەوان بۆ بازاڕ چوون ، بۆیە دواکەوتن.

سەربار

٢٢) ا. *من بە هاتنی ئێوەم زانی، (کە) ئێوە هاتوون.

ب. * ئازاد گۆرانی گوت، (کە) ئەو هاتووە.[٢٩]

(TP)یەکان وەك پرۆژەیەکی سینتاکسیی، بۆیە نەبوونە ڕستە، چونکە بەهۆی نەبوونی ڕێکەوتنەوە، نەبوونە پرۆژێیەیەکی تێرو بێکەموکوڕیی، بۆیە دەبێت: (ا) یان وەك لە نموونەی (٢٣)و هێڵکاریی (٨)دا دەردەکەوێت، (TP)یەکە لە ناو (Agrp)یەکدا بشکێتەوەو ڕستەیەکی سادە بەرهەمبێت، (ب) یان (TP)یە بێڕێکەوتنەکان/بێکەسەکانی لە چەشنی (دەبێت، دەشێت، دەبوو، پێویستە، پێویستبوو، ئاشکرایە،...) دەبێت، (Agrp)یەکیان تێدا بشکێتەوەو دروستەی ڕستەیەکی ئاڵۆزدا دروستبکەن. بڕوانە نموونەی (٢٤). بۆ هەردوو بارەکە دەبێت، تێبینیی ئەوە بکرێت، کە وەك چۆن (TP) وەك کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی بۆ ڕێگا لە پێدانەکەی، لە چێوەی ڕستەیەکی سادەدا لە ناو (AGRP)دا دەشکێتەوە (Inflected)، بۆیە ئەو (TP)یە بێکەسانەی لە نموونەی(٢٤) دا دەنوێنرێن، لەبەر ئەوە لە ناو (AGRP)دا دەشکێنەوە، تا لە ڕێی کۆنترۆڵی کەسی ڕستەی دوای خۆیانەوە ڕێگادانی سینتاکسییان بۆ دەستەبەر بێت. واتە وەك لە نموونەی (٢٥)دا دەردەکەوێت، دەکرێت کەسی ڕستەی دووەم بۆ (Spec.)ی (TP)یەکە بەشێوەیەکی سەرپشکیی بگوێزرێتەوەو بکرێتە باس (Topic).

٢٣) من نامەکەم نارد.

٢٤) ا.ئاشکرایە، نەوزاد دەردەچێت.

---

29 ) ئەگەری ڕێگاپێدانی ڕستەیەکی ئاڵۆزی وەك: نەوزاد گۆرانی گوت، کە ئازاد هات. بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕستەی دووەمەکەی سەربارە. ئەو کاتە ناوی کرداریی (گوتن) لەو جۆرە کردارە تێپەڕانەیە، کە دۆخی بە بەرکارە فرێزییە ناوەکییەکە داوەو ڕستەی دووەمیش سەرپشکییەو بۆ زانیاریی واتاییە. بۆ زانیاریی زیاتریش بڕوانە عبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٨٥_٩٥)

ب. دەبێت، ئێمە بڕۆین.


پ. دەبوو، ئەوان زوو بڕۆشتنایە.

٢٥) ا. نەوزاد ئاشکرایە، دەردەچێت.


ب. ئێمە دەبێت، بڕۆین.

پ. ئەوان دەبوو، زوو بڕۆشتنایە.

هێڵکاریی (٦)




هێڵکاریی (٧)





30 ) (YP)  هێمایە بۆ پرۆژە سەرباره هەڵواسراوەکان، جا چ فرێز بن یان ڕستە.

هێڵکاریی (٨)




هەنگاوەکانی سەرەوە، سەبارەت بە نواندنی فۆرمە گۆڕاوەکان، ئەوەی دەربڕی، کە زانیاریی و ویستی ناو توخمە فەرهەنگییەکان پەیوەستی کەتیگۆرییەکی دیاریکراو نین، بەڵکو توانایەکی ئەبستراکتی میتایین و دەکرێت لە سینتاکسدا بەرجەستە بکرێن و بنوێنرێن و دەربخرێت، کە کام کەتگۆرییە سینتاکسییە داواکاریی ئەو توخمانەن . بەوەش دەکرێت، ئەو یاسایانەی لە (٢)دا بۆ ویستی فەرهەنگی (V)یەکان و لە (٧)دا بۆ ویستی ئارگومێنت_داواکەرەکان نیشاندران، لە (٢٦_ا،ب،پ)دا ڕێکبخرێنەوە.




هەروەها دەکرێت یاسای (٢٦_پ) بۆ ئەو کردارە تێپەڕانەی، دروستکەری پرۆژەی ڕستەی ئاڵۆزن، لە (٢٧)دا ڕێکبخرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی تەواوکەرە دەرەکییەکەیان لای چەپی (V)یەکە دەگرێت.

٢٧) $X^-$ + $[X^-]$ (بڕوانە نموونەکانی ١٩ پ،ت)

## ئەنجام

١. زانیارییە سینتاکسییەکان زانیاریی فەرهەنگیین و لە ناوەخنی توخمە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگدا هەڵگیراون. ئەو زانیارییانە لە ناو ئارگومێنت_داواکارەکاندا، بە شێوەیەکی ئەبستراکتیی یان لە شێوەی کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی وەك ناودا هەڵگیراون، کە دەکرێت لە نواندنە سینتاکسییەکەیاندا ببنە تەواوکەرێکی فۆرمگۆڕاوی سینتاکسیی لە جۆری ($X^-$)دا، (واتە لە فۆرمی $N^-$، $D^-$، $A^-$، $S^-$ دا دەبن) ئەو پرۆسەیەش لە ئەنجامی ئەو گواستنەوەی فۆرمانەوە دەبێت بۆ لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکانیان، ئەویش بۆ ئەوەی ئاراستەی پێدانی دۆخ و حوکومکردنی سەرە ڕێزمانییەکان پەیکاڵی ڕێسای سەرکۆتایی بن. بە پێی ناوەخنی فەرهەنگیی هەریەك لە توخمە فەرهەنگییەکان فۆرمێکی بێکەمووکوڕیی بنەڕەتیی سینتاکسیی

بەرهەمدێت و لەوەش بچوکترناکرێتەوە، چونکە دروستە سینتاکسییەکان بە پێی ویستی فەرهەنگیی لێکسێمەکان بەرهەمدێن. (بۆ نموونە بڕوانە ئەو کردارەتێپەڕانەی ڕستەی ئاڵۆز دروستدەکەن، لەگەڵ (TP)یە بێکەسەکان، کە (AGRP)یەك داوادەکەن بۆ ڕێگاپێدانیان لە ڕستەیەکی ئاڵۆزدا) بەو شێوەیەی لە یاسای (٢٦)و (٢٧)دا دەرخراون.

٢. ئەو فۆرمە گۆڕاوەسینتاکسییانەی لە خاڵی یەکەمدا باسکران، پێشبینیی بوون بەلێکسێمیان دەکرێت و پاشانیش لە سینتاکسدا بۆ واتای تر هەڵبوەشێنرێنەوە. بەوەش زمانی کوردیی لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا ئاڵوگۆڕی کەرەستەدەکات و کەرەستەکانیش وەك لێکسێمێکی سەربەخۆ نواندنێکی فەرهەنگیی و وەك لێکسێمی هەڵوەشاوە نواندنێکی سینتاکسیشیان هەیە. فۆرمە فەرهەنگییە بەلێکسێمبووەکە ناوەرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیەو بەو ناوەرۆکەشەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە، (بڕوانە یاریکردن، نانخواردن!)، بەڵام لە کاتی هەڵوەشانەوەیدا، ئازادانە بەجێنشینی (Paradigmatic) تەواوکەرەکەی بەپێی سەرەڕێزمانییەکە دەگۆڕێت و واتاو ناوەرۆکی نوێ وەردەگرێت.

## هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| یان | / |
| دەبێت بە | ⟵ |
| ناڕێزمانی | * |
| هێنانەوەی نموونە لەناودەقدا | >...< |
| فرێز و دەستەواژیلە | {  } |
| فرێزی هەمەجۆر یان پرۆژەی ناوەندیی سینتاکسیی($V^-$)،($D^-$)،($A^-$)،($P^-$)،($T^-$) | $X^-$ |
| Determiner | Det |
| کەتیگۆری فەرهەنگیی / سەری ڕێزمانی فرێزەکان | $X^0$ |
| پرۆژەی گەورە/ فرێز (VP)،(DP)،(AP)،(PP)،(TP)، (AGRP) | XP |
| تاف | T |
| Agreement | AGR. |
| Compliment | Comp. |
| Subordinate conjunction | Sc. |

## الخلاصة

حاول هذا البحث أن يبين العلاقات بين الهيكلة النحوية و في الهيكلة المعجمية للعناصر اللغوية اللغة الكوردية , و بين هذه العملية من خلال وصف مضمون العناصر المعجمية والتي بها تركب التراكيب النحوية .

أظهر البحث في المرحلة الأولى أن المعلومات اللغوية ترتب و تتراكم في العناصرالمعجمية , ومن ثم يتفاعل المعلومات اللغوية في سمات ، التشكيلات و التراكيب الخارجية للوحدة اللغوية , و التي استتنتجها هذا البحث أن هذه العمليات النحوية في اللغة الكوردية لها ميزات خاصة و منها ان المعلومات اللغوية التي في العناصر المعجمية معلومات مجردة و النحو كعملية مكملة يعبر عن تلك المعلومات بتراكيب متعددة متجسدة ، و التراكيب المجسدة – التي هي في الاساس تعبر عن المعلومات المجردة – في اللغة الكوردية تتجسد في تراكيب نحوية مثل (-T)و (-V) و تناظرا بالسيمات المعجمية للمعلومات اللغوية تحصل هذه التراكيب المجسدة النحوية على سيماتها الخاصة و كل هذا من اجل ان تسمح لكل تركيبة نحوية بالظهور و تجنب المحظورات النحوية وبهذا تكون جميع التكاملات لهم تشكيلات و تراكيب نحوية مع الاخذ بالاعتبار ان جميع هذه التراكيب لها علاقات متشابكة مع المعلومات المعجمية.

## Abstract

this research explained the relation between syntax form and lexicon form in Kurdish language structure , we did our analyses by describing the initial features of the innate lexicon elements which they had the task of making sentences .

In the first step of this research we oriented the features of lexicons elements and in the second stage we had recovered the external forms( the syntax form ) of those lexicons elements .At the conclusion of the research we attempted to prove that Kurdish language has a kind of lexicon elements that had owns lexicon information . in other hand those elements are abstract and they have there complementary in so many concrete variety in syntax , and they represent there structures in( T-) and (V-) forms , by this tow pattern the elements earn them innate features and there legal representation in syntax therefore acceptable complementary elements will have there syntax forms which make there existence related to them lexicon information .

## سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردیی:


١. ئازاد ئەحمەد حسەین(٢٠٠٩) ، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد، سلێمانیی.

٢. تارا موحسین قادر (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

٣. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩) ، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی.

٦. کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانیی.

٧. ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٦)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

٨. محەمەد مەعروف فەتاح، کۆکردنەوەوئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) ، ڕستەسازی کوردیی ، زانکۆی سلێمانیی.

١٠.محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی ، چاپخانەی شارەوانی سلێمانیی.

١١. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك_وابەستە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.


### ٢- گۆڤار :


١٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری استاذ، ژمارە (١٨٦)، ٢٠١١ .


### ٣- بە زمانی ئینگلیزیی :


13. Aarts, B. (2001) English Syntax and Argumentation 2nd ed. Palgrave.

14. BAKER, C. MARK (2008) The Syntax of Agreement and concord, Cambridge University, Cambridge.
15. Burton-Roberts, N. (1997) Analysing Sentences, Lancaster University.
16. Chomsky, N. (1993) Lectures on government and binding, the pisa lecture, 4th ed, Foris: Holland.
17. Cook, V.J & Newson, M.L. (1997) Chomsky's Universal Grammar 2nd, black well: Oxford.
18. Jackendoff, R. (1991) Semantic structure, Oxford.
19. (2007) Simpler Syntax, Oxford.
20. O'Gardy, W. (2005) SYNTACTIC CARPENRY, Mahwah, New Jersey.
21. Ouhalla, J (1999) Introducing transformational grammar, from principles and parameters to minimalism. New York,
22. Radford, A. ,(1981) Transformational Syntax, university press: Cambridge.
23. . (2004) Minimalist Syntax, Cambridge University, Cambridge.
24. Richter F. & Sailer M. (2000) Complementizers and Finite Verbs in German Sentence, Cambridge University, Cambridge.
25. Sag Ivan A. & Szabolcsi Anna (1992) Lexical Matters, Printed in the United States.
26. Steinberg, D. (1999), Psycholinguistics Language, Minct and World, London & New York.
27. Tonoike, S. (1995) Japanese as an OVS language. In S. Haraguchi and M. Funaki (eds), Minimalism and linguistic theory. Tokyo: Hituzi Syobo.
28. Ura, H. (2000) Checking Theory and grammatical functions in universal grammar, Oxford: Oxford University press.